# دەسەڵاتی چوارەم یان داردەستی دەسەڵات؟

**شـــوان خــورشـید**

Shwan_xorshed@yahoo.com

**رۆژی 1-1-2006لە کاتێکدا هەموو خەڵکی جیهان بە جەژنی سەری ساڵەوە خەریك بوون، خەڵکی گەڕەکی ڕەحیماوای شـاری کـەرکوك شەلاڵی خوێن کران و برینێکی تریش خرایە سەر جەستەی برینەکانی تریان، تەنها تاوانێکیش کە کردبێتیان داواکردنی بەشێکی کـەم بوو لە مافەکانیان کە ئەویش خزمەتگوزاری بوو، کە مافێکی شەرعی خۆیان بوو نەك تەنها بـە پێی داواکارییـەکانیان لـە گـەڵ بکـرێ بەڵکو سەد ئەوەنەشیان بۆ بکرێ و بە پیاوەتیش لە سەریان نەنوسرێ، لە بەر ئەوەی خەڵکی ئـەو گەڕەکـەو گەڕەکـەکانی تـری شـاری کەرکوك، هەمیشە کوانوی شوڕش و هیمەتی کوردەواری بونە، تەنها یەك نمونەی زیندوتان بۆ دەگێڕمەوە کە16ڕۆژ بەر لە روودانـی ئـەو کارەساتەیە، کە لە کاتی تەغتییە کردنی رۆژی هەڵبژاردنی 15-12لە گەڵ یەکێك لە تیمەکانی کەناڵێکی راگەیاندنی شاری کەرکوك سەردانی رەحیماوەمان کرد، خەڵکی جۆشدراوی ئەو گەڕەکەم بینی لە چەقی بازارەکە لە ناو چڕو چڵکاو بە شـێوەیەك هەڵدە پـەڕین وەك ئەوە وابوو سەرکەوتنی لیستی 730 تەنهاو تەنها بۆ ئەوانە، من پێم وابوو هـەر لـە دوای یەکـەم رۆژی هەڵبژاردنـەوە سـەرکردایەتی سیاسی کورد دڵسۆزی خەڵك لە بەر چاو دەگرن و هیچ نەبێت شێواوی بازاڕەکەیان بۆ چاك دەکەنەوە، پەندێکی کوردی هەیـە دەڵـێ (کـە جام پڕ بوو لێی دەڕژێ )دوای ئەوەی بەرپرسان بە دەم داواکاری خەڵکەوە نەهاتن، دوای ئەوەی دەیان ریپۆرتاژو را پـۆرت و بەدواداچـونی رۆژنامەوانی و تەلەفیزیونی لە سەر رەوشی ئەو بازاڕەو شوێنەکانی تری گەڕەکەکە کرا، کـەس بـە دەنـگ داوا رەواکانیانـەوە نـەهاتن رێگەیەکی تری شارستانییان گرتە بەر ئەویش خۆپیشاندان بوو، بەلاَم وەلاَمی نادروستی بەرپرسان و دەزگا ئەمنیەکانی شاری کەرکوك وای کرد، ئەو رێوشوێنە شارستانیە بەرەو ئاقارێکی تر بەرن، بە رژانی خوێنی بە ناهەق رژاوی چەند کەسـێکی بـە شـەرەف و سـوتان و زەرەروو زیانی چەند دام و دەزگایەکی حکومی لێبکەوێتەوە، ئەو روداوەی کـە چـاوەڕوان نـەدەکرا رووبـدا رووی دا، رووبـەڕوو بونـەوەی هێزێکی زۆری پۆلیس و فرەڕەگەز بە پشتیوانی هێلیکۆپتەری جەنگی، بەرامبەر بە کێ ؟بەرامبەر بە خەڵکێك کە تـا دوێنـی لـە لایـەن خودی رژێمی بەعسەوە لە ناو چەقی بازارەکە بە تاوانی کورد بون و پێشـمەرگە بـون گولـە بـاران دەکران، بەرامبـەر بـە خـەڵکێ کـە هاوولاَتییەکانی بە تاوانی کورد بوون لە سامەڕا گولە باران دەکرێن و لاشەکانیان بە دوای ماشێن دا رادەکێشرێ، ئاخوندە ریش پانەکان فتوای کوشتن و سوتانیان بۆ دەردەکەن، ئەمانە باهەمووی لە لایەکەوە بوەستێ، ئەوەی کە زۆر نیگەرانی کردم راگەیاندنی هەندێك یـان دەتوانم بڵێم زۆربەی کەناڵەکانی راگەیاندنی شاری کەرکوك بوو، کە هەواڵەکەیان وەك و خـۆی نەگواسـتەوەو تەنانـەت ئـەو پرۆسـە دیموکراتیەیان بە ئاژاوەو گێرە شێوێن وەسف کرد، ئاخر چۆن دەبێت کـەناڵێك هـەموو راسـتییەکان بزانێ، کێشـەکانی چـەندین جـار رووبەڕوی کرابێتەوە چارەسەر نەکرابێ، بە ناچاری کاریان گەیشتبێتە توندو تیژی تۆ پە نجەی تاوانی بۆ درێژ بکەی و بە ئاژاوە گێڕی ناوزەد بکەی، ئایا پێتان وایە بەر لە خۆپیشاندانەکە هیچ داواکارییەکیان بۆ باش کردنی ئەو وەزعە پێشکەش نەکردبێ، بـەلاَم کـەس گوێی لێ نەگرتوون، کەس بە پیری بانگەوازیانەوە نەچون، ئێ خۆ ناشکرێ هەر چاوەڕوانی قەدەر بن، خوا بەوە رەحمی پێ کردوون وشـکە ساڵە ،دەنا گەر باران بباریایە نیوەی خەڵکی دەخنکان وەك ئەوەی کە ئەمڕۆ خنکاون، خوا پـێم نـەگرێ دەڵـێن راگەیانـدن دەسـەلاَتی چوارەمەوچاودێری دەسەلاَت دەکات، بەلاَم بە پێچەوانەوە لای ئێمە داردەستی دەسەلاَتەو ئەگـەر پـۆلیس خـەڵکی بـەر رێژنـەی گوللـە دەدات، لە مینبەری رۆژنامەو کەناڵە تەلەفیزیۆنەکانی ئێمەوە ووشەی ژەهراویان ئاراستە دەکرێ، ئەگەر دەسەلاَت تـا چـوار سـاڵی تـر ئیشی بە خەڵك نییە، تۆ وەك دەسەلاَتی چوارەم نوێنەری خەڵکت پێـدەڵێن و دەبـێ رێنـوینی دەسـەلاَت بکـەی لـە کـەم و کورپـەکانی خەڵکیدا، نەك خەڵکی بە گێرە شێوێن و دەسەلاَتیش بە فریشتە ناو بێنی و ئەو رەوشە ئاڵۆزە بە سەر خەڵکیـدا سـاغ بکەیتـەوە، دەکرێ بەرپرسانی شاری کەرکوك بانگ بکەی و لە مینبەری ئێوەوە، کەم و کوڕی خەڵکی، خزمەت گوزاری و پێداویسـتی وداواکاریـەکانیان بـە بیربهێننەوە، ئەبێ مینبەرەکانی راگەیاندن قەفەسی دادگای کردنی بەرپرسان بێـت نـەك شـوێنی سـتایش و پیاهەڵدان، راگەیانـدنی راستەقینە دەبێت لە بەرەی گەل بێت، نەك زوڕناژەن و دەهۆڵکوتی دەسەلاَت، دەبێ راگەیاندن خاوەنی ناسنامەی خۆی بێـت، بۆ خزمـەتی بەشەریەت رەقیب بێت لە سەر دەسەلاَت.**